سەرۆکی کۆمار جەختیکردەوە لەگرنگی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئیتالیا

ئەمە یەکشەممە"لەتیف جەمال ڕەشید" سەرۆک کۆمار،جەختی لە گرنگی هاوبەشکاری و هەماهەنگی بە بەرزکردنەوەی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکەدا کردەوە.

لەبەیاننامەیەکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک کۆماردا هاتووە : ئەمڕۆ یەکشەممە "لەتیف جەمال ڕەشید " سەرۆك کۆمار، پێشوازیکرد لە "ماوریتسیە کریکانتی " باڵیۆزی ئیتاڵیا لە عێراق ، لە میانی دیدارەکدا کە کەشکی سەلام لە بەغداد بەدەوچوو، سەرۆك کۆمار دوپاتیکردەوە، پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئیتاڵیا بەهێزن و پێویستە بەردەوام کاربکرێت بە پەرەپێدانیان لەو بوارانەی جێی بایەخی هاوبەشن.

بەپێی بەیاننامەکە ، سەرۆك کۆمار ئاماژەی بە گرنگی هەماهەنگی و ڕاوێژ کرد بە باشترکردنی ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە و هەوڵدانی زیاتر بە کەمکردنەوەی گرژییەکان و ڕاگرتنی جەنگی دژبە غەزە.

لەلای خۆیەوە باڵیۆز "ماوریتسیە کریکانتی " پەرەشی وڵاتەکەی بە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق دەربڕی، هەروەها پشتیوانی ئیتاڵیای بە سەقامگیری و ئاسایش و سەلامەتی هاووڵاتیانی عێراق دوپاتکردەوە.